گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper5
ڕێـکـەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠٣/٢٥
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٥/٣١
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# بازرگانی دەرەکی لەکوردستانی کۆندا لە نیوەی دوەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین

**سارا شۆڕش عمر[١] - کامران محمد جلال مجيد[٢]**

kameran.jalal@koyauniversity.org SaraShorsh@gmail.com

[١+٢]بەشی مێژو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە

بازرگانی لە هەزارەی دوەمی پ.ز لە ناوچەکانی کوردستانی کۆن لەوپەڕی گەشەسەندن و پێشکەوتن بوە، لەم سەردەمەدا باڵادەستی و هێز و سیاسەت لە ژێر دەستی میتانی و خورییەکان بوە، کوردستان شوێنێکی گرنگ و ستراتیژی بازرگانی هەبوە، بەپێی گەڕان و پشکنینە شوێنەوارییەکان ئەم ڕاستیانەمان بۆ دەرکەوتوە کە شارەکانی کوردستان وەکو دەروازەیەکی بازرگانی گرنگبون بۆ بازرگانەکان و لە هەمان کاتدا لەڕوی هەڵکەوتەی سروشتی جوگرافییەوە ناوچە دەشتاییەکانی دەوڵەمەندبوە بە بەروبومی کشتوکاڵی، ناوچە شاخاوییەکانی شوێنی گرنگبون بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵی وەکو مەڕ و بزن و گا...هتد، هۆزەکان گەرمیان و کوێستانیان دەکرد بۆ دۆزینەوەی لەوەرگای ئاژەڵەکانیان کە چینێکی تایبەت بون بەم پیشەیە، بەشیکی لە ناوچە چیاییەکانی کوردستان دەوڵەمەندبوە بە کانزا وەکو مس و تەنەکە...هتد، ئەم بەرهەمانەی کە ئێمە باسمانکردن خواستێکی زۆری بازرگانیان لەسەربوە، دەتوانین بڵێین لە ناوەخۆ و دەرەوەی کوردستان ئەم بەرهەمانە بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی براون، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێگای بازرگانی کەلوپەل و کەرستەی خاویان لەدەرەوە هێناوە، ئەو کەلوپەل و پێداویستیانەی کە دەستیان نەکەوتوە ئەوا بە بازرگانی لە دەرەوە هێناویانە. ئەم ناوچانەی کە بازرگانیان لەگەڵ کوردستان کردوە، وەکو باشوری میسۆپۆتامیا و سوریا و ئەنادۆڵ و ئێران و میسر و فینیقیا ...هتد. ڕێگا بازرگانییەکانی کوردستان بەیەکەوە بەستەری نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و باکورو باشوربون، کوردستان وەکو ناوەندێکی ستراتیژی بازرگانی بوە، بەشێکی ڕێگا بازرگانییەکانی کەوتونەتە نێوان زنجیرە چیاکان وەکو دەربەندێکی گرنگی هاتوچۆی کاروانە بازرگانییەکان بوە، بەشێکی تر لەڕێگا بازرگانییەکان کەوتونەتە نێوان ناوچە دەشتاییەکان شارەکانیان بەیەکەوە بەستوتەوە یاخود

ڕێگای دەربەندە بازرگانییەکانی ناوچە شاخاوییەکان و ناوچە دەشتاییەکان بەیەکەوە بەستوەتەوە و تێکهەڵکێشن بەڕێگا بازرگانییە دەرەکییەکانەوە، بەمەش زیاتر بازرگانی ئەم ناوچەیە بەهێزتر دەکات.

گرنگی کوردستان لەڕوی بازرگانیەوە چی بوە؟ ئەو شوێنانەی کە لەگەڵ کوردستان ئاڵوگۆڕی بازرگانیان کردوە کوێ بون؟ کاڵا و کانزاو بەرهەمە هەناردە و هاوردەکان چی بون؟ کوردستان لەگەڵ دەوڵەمەندنی سروشتی جوگرافیەکەی بازرگانی لەگەڵ دەرەوە کردوە؟

**کلیلە وشەکان:** کوردستان، زێڕ، بەردە بەنرخەکان، بازرگانی دەرەکی و ناوخۆیی

**پێشەکی:-**

**گرنگی توێژینەوە:** لایەنی بازرگانی یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ئابوری و پێشکەوتنی هەر شارستانیەتێک، لە مێژوی کۆنی کوردستانیش بەپێی شوێنەواری دێرینەکانی و گەڕان پشکنینەکان بۆمان ڕونبۆتەوە کە لەگەڵ پەیدابونی لادێیەکان ونیشتەجێبونی پیشەکان لە یەکتری جیابونەوە ئەوا پیشەی بازرگانیش سەریهەڵداوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەرهەم و پێداویستییەکانی مرۆڤ ڕوی لەزیادبون کرد، لەلایەکیترەوە دەوڵەمەندبونی هەندێک شوێن بە کۆمەڵێک بەرهەم وکەرستەی خاو و نەبونی ئەم بەرهەمانە لە هەندێک شوێنیتر ئەمەش وایکردوە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان شوێنەکان ڕوبدات، کوردستانیش لە هەزارەی دوەمی پ.ز لەوپەڕی گەشەسەندنی بازرگانی دابوە، وەکو ڕێگایەکی بازرگانی وابوە لە نێوان هەر چوار ئاڕاستەی باکور و باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا. بازرگانی هۆکارێکە بۆ بەیەکگەیشتنی شارستانییەتەکان و کارلێکی لە نێوانیاندا دروستکردوە و بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی تەرزی شارستانییەتە جیاوازەکان.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوە:** لەگەڵ ئەوەی کوردستان مێژوییەکی دێرینی هەیە، بەڵام مەخابن کنە و پشکنینەکان لە بەشێکی کوردستاندا کراوە، ئەو شوێنانەی شوێنەواریان تێدا دۆزراوەتەوە، کنەو پشکنینەکانیان لەلایەن شوێنەوارناسە بیانیەکانەوە کراوە، دەگمەنی یاخود ناتەواوی دەقە نوسراوەکان کە بەشێکی زۆریان لەناوچوە، ئەمەش زانیاریەکانمان تاڕادەیەک ناتەواو دەکات، دەبێت لە هەندێک شوێن بە گریمانە بۆچونەکانمان دەرببڕین بۆیە ئەمە دەبێتە ئاستەنگی گەورە لە بەردەم توێژەر لەکاتی نوسینی توێژینەوە، بەم هۆیەوە ناتوانرێت بە شێوەیەکی هاوسەنگ باس لە ڕۆڵ و پێگەی شارە جیاوازەکان بکەین، چونکە زۆربەی ناوچەکان دەقی نوسراو نەدۆزراوەتەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** لە بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی میتۆدی مێژویی لەخۆدەگرێت کە تایبەتە بە گەڕانەوە بۆ زانیارییەکان و خستنەڕویان و دواتر شیکردنەوەی شوێنەوار و هەڵکەوتەی جوگرافی بۆیە

دەتوانین میتۆدی وەسفی شیكاری (گێڕانەوەی دەقەكان) پەیڕەوبكەین و هەندێكجار ڕاڤەكردنی دەق و شوێنەوارەكان لە خزمەتی بابەتەكەدا.

**چوارچێوەی توێژینەوە:** لە دو تەوەرەی سەرەكی پێكهاتوە (تەوەرەی یەكەم، بازرگانی دەرەكی كوردستان لەگەڵ ناوچەكانی دەوروبەری كە پێكهاتوە لە (یەكەم: هۆكاری سەرهەڵدانی بازرگانی، دوەم: كاڵا و بەرهەمە سەرەكییەكانی بازرگانیكردن)، تەوەرەی دوەم، هەناردەو هاوردەی كاڵا و بەرهەمە بازرگانییەكان كە پێكهاتوە لە (یەكەم: هەناردە (نێردراو)، دوەم: هاوردە (هێنراو)).

## تەوەرەی یەكەم: بازرگانی دەرەكی كوردستان لەگەڵ ناوچەكانی دەوروبەری:

### یەكەم: كاڵا و بەرهەمە سەرەكییەكانی بازرگانیكردن:

هەمو ئەو كاڵا و بەرهەم و كەرستەی خاو و كەلوپەلانەی كە ئێمە لەم تەوەرەیەدا باسی دەكەین بازرگانی پێوەكراوە، لە سەردەمە كۆنەكاندا لە كوردستانی كۆن، بۆیە ڕەنگە هەندێك بەرهەم لە ناوخۆ هەبێت یاخود لە دەرەوەدا هاوردەكرابێت، بۆیە بە پێویستی دەزانین كەمێك ئاماژەی بۆ بكەین، لە تەوەرەی داهاتو باس لە هەناردە و هاوردەی ئەم بەرهەم و كەلوپەلانە بكەین كە لە نێوان كوردستان و ناوچەكانی دەوروبەریدا ئاڵوگۆڕی بازرگانی پێوەكراوە.

### 1-بەرهەمە كشتوكاڵییەكانی و ئاژەڵییەكان:

كوردستانی كۆن یەكێكە لەو ناوچانەی كە دەوڵەمەندە بە بەرهەمە كشتوكاڵییەكان، بەتایبەتی ناوچە دەشتاییەكانی، ئەم ناوچانە بەپێی دەقەكانی نوزی[1] لە ماوەی نیوەی دوەمی هەزارەی دوەمی پ.ز دەگرێتەوە، ئەم ناوچانە دەوڵەمەندبون بە بەرهەمە كشتوكاڵییەكان، وەكو دانەوێڵەی گەنم، جۆ، كونجی...هتد (كوێخا جەلال،2008: 171–172)، گۆڕانی گەورە لە كۆمەڵگا و بواری كشتوكاڵیدا ڕویداوە لە ناوچە دەشتاییەكان بەتایبەتی لە ڕوی یاسای كشتوكاڵی و ئاودێری و خاوەندارێتی و ئەمانەش لە دەق و ئەرشیفەكانی ئەم سەردەمەدا دەردەكەوێت (الدليمي،1998 :15–19)، كشتوكاڵ لەم ناوچە دەشتاییانە زۆر پەرەیسەند بەتایبەتی دانەوێڵە و پەروەردەكردنی ئاژەڵ (Jawad,1965:90) بەپێی دەقەكان بۆماندەردەكەوێت شوێنێكی گرینگی بازرگانی بوە لە دەقێكی تری نوزی باس ناوی كۆمەڵێك كەس كراوە، كە ناوی نزیكەی شەش پیاوی تێدابوە، بەرپرسی پاسەوانی كۆگایەكی شارەكە بون، هاوشێوەی گروپێك بون (Lion & Sauvage,2005:75)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەم شارە وەكو ناوەندێكی بازرگانی وابوە، لەبەرئەوەی كۆگای تێدابوە، هەروەها پاسەوانی تایبەتی بۆ دانراوە( Lion & Sauvage,2005:75).

سەبارەت بە کشتوکاڵکردنی و چۆنیەتی چاندنی تۆوەکان وجۆری خاکەکان لە دەقەکانی نوزی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کاری کشتوکاڵکردن گرنگ بوە(Ludorff,2005:168)، بەتایبەتی لە نوزی لەبەرئەوەی ناوچەیەکەی کشتوکاڵی باش بوە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەبەرهەمە کشتوکاڵییەکانیەوە کردوە بەتایبەتی لەگەڵ میسۆپۆتامیای باشور، بەرهەمە کشتوکاڵییەکان تاڕادەیەک ژێرخانێکی گرینگی ئابوری کوردستانی کۆن بوە، بۆیە ئەگەر لە پێویستی خۆیان زیاتربوبێت، ئەوا بە بەرهەم و کاڵای تر ئاڵوگۆڕیان کردوە، ناوچە دەشتاییەکان شوێنی گرنگی کشتوکاڵی بون، بەرهەمێکی زۆر لە دانەوێڵە چانراوە، ڕوبەری ئاوییەکانی بەسەرەوە بوە، وەکو شارەکانی ئەربیلا لە باکوری ڕۆژئاوای ئاراپخا[2] وە ئەویش ناوچەیەکی دەشتای گرینگی کشتوکاڵکردن بوە، ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی کە تێیدا چانراوە بریتیبوە لە گەنم و جۆ و کونجی..هتد، هەروەها جگەلەمانە ناوچەیەکی گرینگی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوە (النجار،2011: 18-19)، جگەلەمانە شارەکانی باکوری کوردستانی کۆن وەکو شاری ئورکیش[3] هەروەها شاری ئالالاخ[4] کە ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵکردن بون، ئەمانەش بە دەقی نوسراو پشتڕاست بونەتەوە هەروەکو لە هەزارەی دوەمی پ.ز، لە دەقەکانی ماری[5] بۆمان دەرکەوتوە کە گەنم لە ئالالاخەوە هەناردەی دەرەوەکراوە، لەسەردەمی پاشا زمری لیم لە دەقێکی تردا باس لە هەناردەکردنی ئارد کراوە لە ئالالاخەوە بۆ ماری (خلیف، 2017: 152)، کە لە حەلەبەوە (Cooper & Schwartz2005,42) بەڕێگای ئیمار نێراوەتە ماری (خلیف، 2017: 152)، لە بەرامبەردا پیشەسازی جلوبەرگ و برۆنز و چەکیان لە مارییەوە، دەنارد بۆ حەلەب هەر بە ڕێگای بازرگانی (خلیف، 2017: 152). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت پەیوەندی بازرگانی لە نێوان شارەکانی باکوری ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ شاری ماری بەهێزبوە، دەتوانین بڵێین هەر لەڕێگای بازرگانی باکوری ڕۆژاوای کوردستان بە نمونە بە ڕێگای بازرگانی شاری حەلەبەوە لەڕۆژاوای کوردستانەوە جلوبەرگ و چەک نێراوەتە کوردستان.

لەم سەردەمەدا بازرگانی کردنی ئەسپیش ڕۆڵێکی باڵای هەبوە، ئەو کەسەی کە کڕین و فرۆشتنی بە ئەسپەوە کردوە، بەناوی ڕاکیب نارکەباتی rakib-narkabtiبوە، لە دەقەکانی نوزی لەگەڵ وشەی ئەسپ بەکارهێنراوە (Scafe,2005:146)، بەهۆی دۆزینەوە دەقەکان بۆمان ڕون دەبێتەوە، کە لەنوزی لە دەقێکدا ناوی کەسێک نوسراوە، کە داوای پارەدانی ئەسپەکەی دەکات، پشکنەران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەناوەخۆی کۆشکی نوزی ژوری دادگا هەبوە، ناوی کەسەکەی تێدا تۆمارکراوە و دیارە سکاڵا لە دژی ئەم کەسایەتییە کراوە بە هۆی نەدانی پارەی ئەسپەکە (Scafe,2005:145).

## 2-کۆیلە:

لە کوردســــتاندا بەتایبەتی ناوچەکانی ئاراپخا کۆیلە کاڵایەکی گرنگی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان بوە، بە هەردو ڕەگەزەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک کە وایکردوە، چینی کۆیلە ســەرهەڵبدات هۆکارەکانیش بریتین لە

پێداویستی کشتوکاڵی و جەنگی و برسیەتی و قات و قڕی بوە (کوێخا جەلال،2011: 238-242)، کۆیلەی وڵاتی سـوبارتو بەناوبانگ بوە، ئەمەش لەبەرئەوە خواسـتیان لەسـەر بوە لەڕوی هێز و توانای پیاوەکان، جوانی ئافرەتەکانیان هۆکاری سەرەکی بون (الرويح، 1977: 44) ئەم زانیاریانەمان لە سەرچاوەکانی میسۆپۆتامیا وەکو بابلییەکان بۆ دەرکەوتوە لەبەر ئەوەی دەسـتی کار بەشـی نەدەکردن بۆ کاری کێڵگە و سـەربازی و ناوەخۆ و پیشەسازی بۆیە خواستیان لەسەر کۆیلەی ناوچەی سوبارتو زۆر بوە (کوێخا جەلال، 2008: 157)، لە دەقەکانی ئەنادۆڵ ئاماژەبۆ ئەوەکراوە کە بازرگانی کۆیلە لەگەڵ ناوچەکانی کوردسـتان کراوە، یاخود لەبری قەرزبراون، ئەمەش بۆ کارپێکردنیان لە کاروباری ڕسـتن وچنین و کشـتوکاڵی(Silver,1995:15) لەبەرئەوەی کۆیلەکانی کوردستان بەناوبانگ بون، لەڕوی هێز و توانای جەستەییەوە بۆیە خواستی زۆری بازرگانی لەسەربوە.

## 3-دار و کانزا و بەردە بەنرخەکان و بەرهەمە پیشەسازییەکان

سروشتی جوگرافیای کوردستان پێکهاتوە لە چەندین بەرزونزمی جۆراوجۆر، ئەمەش گرنگی ئابوری و بازرگانی بەناوچەکە بەخشیوە، هەر یەکێک لەم بەرهەمانە بونەتە جێی خواستی بازرگانی ناوچەکانی دەوروبەری بۆ نمونە بەشی باکورو ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوچەی شاخاوی بوە هەروەکو لە بەشی یەکەمیش ئاماژەمان بۆ کردوە، ئەم ناوچە شاخاوییە دەوڵەمەندبوە بە دارو درەختی بەرهەمدار وەکو داربەڕو، دارگوێز، بادەم...هتد (گریشمەن، 2013: 17)، ئەمانە وایکردوە کە لە ناوچەکانی دەوروبەری خواستی زۆر لەسەر دارو درەختەکان بێت، بەڕێگای بازرگانی ببرێت، لە دروستکردنی کەلوپەل و پێداویستی ژیانی ڕۆژانە بەکاربهێنرێت، لە دروستکردنی کەشتی و خانووبەرە بەکاربهێنرێت.

کانزاش یەکێکیتر بوە لە کاڵا بازرگانییەکان هۆکاری سەرەکی دروستبونی بازرگانی کانزا دەگەڕێتەوە بۆ یەکسانی دابەشنەبونی کانزا لە شوێنەکان بەگشتی، پێویستی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی کانزا لە پیشەسازی ژیانی ڕۆژانە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی، پێداویستی و کەلوپەلەکانی ژیانی ڕۆژانە لە بەردی گرانبەها و قوڕ و کانزا دروست دەکران (Ludorff,2005:164) بۆیە ئەم بەرهەمانە خواستی بازرگانی زۆریان لەسەربوە، ئەو شوێنانەی کە بە کانزا دەوڵەمەندن بریتییە لەباکوری خۆرهەڵاتی کوردستان و ئەرمینیا و ئەنادۆڵ ئەم ناوچانەش بەشێکی باکورو باکوری خۆرهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە لەبەرئەوەی ناوچەی شاخاوین (کوێخا جەلال، 2008: 159). لە خوارەوەدا بەجیا کانزا و بەردە بەنرخەکان وەکو کەرستەیەکی بازرگانی دەخەینەڕو:

### *1-مس:*

یەکێک لەم کانزایانەی کە لە کۆندا لە مامەڵە بازرگانییەکان بەکارهێنراوە مس بوە، وەکو دراو بۆ دانی نرخی کڕی وباجەکان بە شقل[6]مەزەندەکراوە (الماجدی، 2021: 358)، بە زمانی سۆمەری ئۆردو (URUDU)نوسراوە، بە

زمانی ئەکەدیش ئیرۆ- ویرۆ- ویریو (eru- weru- weriu)نوسراوە، چەندەها جۆری جیاوازی هەیە، بەپێی دەقە مێخییەکان کە ئاماژەی بۆ کراوە، ئەم کانزایە مێژوی بەکارهێنانەکەی دەگەڕێتەوە، بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز، مس خواستی بازرگانی لەسەر زۆربوە (المعماری، 2006: 110 ،113)، مس لە دروستکردنی بڕۆنزدا وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی بەکاردەهێنرا (Al-Rawi,1977:99)، یاخود بەشێوازی جۆراوجۆر بەکارهێنراوە، لە دروستکردنی کەلوپەلەکانی ناومالّ و چەک، سەرکڵاو، قەڵغانی سەربازان، هەروەها لە کوردستاندا بۆ ئاڵوگۆڕ و مامەڵە بازرگانییەکان بەکارهاتوە (کوێخا جەلال، 2008: 168-169)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێدانی نرخ بە مس هەروەکو کانزاکانیتر نرخی خۆی هەبوە، لە بواری ئاڵوگۆڕکردن و سزدان بەتایبەتی لە کاتی قەرزار، یان بازرگان لە بە هۆی دواکەتنیان لە گەڕانەوەی پارە سزاکە زیاتر بەپێی مس دەخرایە سەریان(Zaccagnini,1977:182).

### 2-زیو:

کەرستەیەکی خاوی سروشتییە، کانزایەکی بەنرخی بازرگانیکردن بوە، ئەمەش چەند جۆرێکی جیاوازی هەبوە، بەپێی زۆری و کەمی ڕێژەی زیوەکە جیاوازی هەبوە، زیو گرنگیەکی زۆری بازرگانی هەبوە، لە مامەڵە بازرگانییەکان بەکارهاتوە، لەبەرئەوەی لە سەردەمە کۆنەکاندا وەکو دراو بەرامبەر بە ئاڵوگۆرکردنی بەرهەم و کەلوپەل و شتەکان بەکارهێنراوە (کوێخا جەلال، 2008: 167)، پارچەیەک لە زیویان داناوە بۆ پێوانەکردنی کەلوپەلەکان ڕێژەی زیوەکە دیاریکراوە بە(شقلّ) دانراوە (الماجدی، 2021: 358)، سۆمەرییەکان وشەی کو. بابیار ( (KU . BABBAR بەرامبەر زیو بەکارهێناوە، و ئەکەدیەکان وشەی کاسپو kaspuبەرامبەر زیو بەکارهێناوە (المعماری، 2006: 120).

### 3- زێڕ:

یەکێکی تربوە لە کانزا بەنرخانەی کە مێژوی دۆزینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی چوارەمی پ.ز، بە زمانی سۆمەری گوسکین GUSKIN بە زمانی ئەکەدی هوراسوhurasu لەچاو کانزاکانی تری وەکو مس و زیو زۆر بەنرختر و دەگمەنتر بوە، ئەم کانزایە لە جوانکاری و دروستکردنی خشڵ بەکارهێنراوە، هەروەها بۆ ڕازاندنەوەی کۆشک وپەرستگا بەکارهێنراوە (المعماری، 2006: 130، 135،132).

### 4- تەنەکە:

یەکێکی تربوە لەو کانزایانەی کە لە کۆندا خواستێکی زۆری لەسەربوە، بە زمانی سۆمەری ئان.نا( (AN. NAو بە زمانی ئەکەدی بە ئاناکو (annaku) ناسراوە، لەچاو کانزاکانی تر بەتایبەت لەلای ئاشورییەکان لە ناوچەکانی کوردستان و عیلام و سوریا هەبوە (المعماری، 2006: 141،139)، ئەم کانزایە لە هەزارەی دوەمی پ.ز بەکارهاتوە، لەگەڵ مسدا تێکەڵکراوە، بۆ دروستکردنی برۆنز چونکە بایەخی زیاتر بوە لە دروستکردنی کاڵا پیشەسازییەکان

وەکو دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ پەیکەر و ئامێری کشتوکاڵی جگەلەمە وەکو دراویش بەکارهێنراوە، بۆ دیاریکردنی نرخی شتەکان(المنذري، 1999: 34) لە هەزارەی دوەمی پ.ز بازرگانە ئاشوری و خورییەکان لە ئەنادۆڵەوە مامەڵەیان لەسەردەکرد، لە ئاشورەوە بۆ ئەنادۆڵ دەگواسترایەوە (الجادر1988، 93-95)، بەڵام زۆر سەرچاوە هەبوە تەنەکەی لێوەهێنراوە وەکو ڕۆژهەلاتی کوردستان (0Al-Rawi,1977:100،کوێخا جەلال، 2008: 167-168).

### 5-قورقوشم:

یەکێکیتر بوە لە کانزاکانی تر کە لە سەردەمێکی کۆنەکاندا دۆزراوەتەوە هاوشێوەی کانزاکانیتر لەلایەن مرۆڤەوە بەکارهێنراوە، بەزمانی سۆمەری ئبار/گارس( (A . BAR / GARsو بە زمانی ئەکەدی بەئەبارو (abaru) ناسراوە، ئەم جۆرە کانزایە بۆ زۆر دروستکراوەی پیشەسازی و دروستکردنی پێوانە و کێشانە و بۆ دروستکردنی محاجەرەی دەرگا هەروەها بۆ دروستکردنی شیشی سەقف بەتێکەڵکردنی لەگەڵ کانزای تری وەکو مس دەتوانری لە پیشەسازی بەکاربهێنرێت(المعماری،2006: 142، 143،144).

### 6-ئاسن:

یەکێکی تربوە لەو کانزایانەی کە لە هەزارەی دوەمی پ.ز لەلایەن دانیشتوانی میسۆپۆتامیا بەکارهاتوە بەتایبەتی ئاشورییەکان بۆ دروستکردنی چەک بەکاریانهێناوە، ئاسن بەزمانی سۆمەری بە ئان.پار((AN . PAR ناسراوە، بە زمانی ئەکەدیش بەپارازللو(Parazllu) و ئاشویو (ashiu) ناسراوە، لەچاو کانزاکانیتر بەنرختربوە لەبەرئەوەی کانزایەکی توندوتۆڵە زیاتر بەرگە دەگرێت، خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتێکی تەواو بەناوی (الحدید) ئەمەش دەقی ئایەتەکە دەفەرمێت: (قال الله تعالی سورة الحدید، أیە25) (بسم الله الرحمن الرحیم وأنزلنا الحدید فیه بأس شدید و منافع للناس) باس لە بە هیزی ئەم کانزایە دەکات بە (نیزک)یش ناوی هاتوە، لە چاو کانزاکانیتر جگە لەمانەش لە مامەڵە بازرگانییەکان بەکارهێنراوە، سەرچاوەی سەرەکی هێنانی ئاسن بەپێی دەقە ئاشورییەکان بۆمان ڕون دەبێتەوە لە نیوەی دوەمی هەزارەی دوەمی پ.ز ناوچەکانی کیزواتنا[7] و هەرێمی نائیری[8] شوێنی گرنگی هێنانی ئاسن بون بەتایبەتی لە سەدەی سیانزدە بۆ سەدەی یانزە(13-11پ.ز) لەڕێگای فوراتی سەرو سەرچاوەی سەرەکی بازرگان هێنانی  ئاسن بون بۆ وڵاتی ئاشور، لەبەرئەوەی ئاشورییەکان لە دروستکردنی چەک و کەرەستەی جەنگ و سەربازی بەکاریان دەهێنا بۆیە خواستێکی زۆریان لەسەربوە، ئاشورییەکان وەکو باج لەم ناوچانەیان وەردەگرت، جگەلەمانە بەپێی ئەو دەقانەی کەلە ناوچەی کیزواتنا دۆزراوەتەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەو خواستێکی زۆر لەسەر جەنجەری ئاسنی هەبوە لەلای ئاشورییەکان و بەپێچەوانەوە لەلای کیزواتنا خواستیان لەسەر قەڵغانی برۆنزی (درع) بوە بۆیە بە ڕێگای ئاڵوگۆری بازرگانی ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکانیان کردوە

(المعماری،2006: 144–146)، ناوچەکانی ئێران ئاسنی لیبوە ئاشورییەکان بە بازرگانی هێناویانە(گریشمەن،2013: 25).

### 7-بەردە بەنرخەکان:

یەکێکی تر لەو بەرهەمانەیە کە ئاڵوگۆڕی بازرگانیان پێوەکراوە، بەردەبەنرخەکان بون لە بەرامبەردا لە دەقە نوسراوەکان وشەی ئابائان (a–ba–an)بۆ بەکارهاتوە، ئەم جۆرە بەردە لەناوچەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کۆن بونی هەبوە، لەبەرئەوەی ناوچەیەکی چیایی گڕکانی بوە، بەتایبەتی لە ناوچەی (کولوداغ) و ناوچەی (نمرود داغ) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان گرینگترین ناوچەیە بۆ دەستکەوتنی بەردە گرکانی و لە 80% ئامێرە بەردینیەکان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شمشارە دۆزراوەتەوە، لەم جۆری بەردی ئۆبسیدی،...هتد، جگە لەمانە لە ناوچەکانی ئەرمینیا و باکوری ڕۆژئاوای ئێران سەرچاوەی سەرەکی بون بۆئەم جۆرە بەردە لەبەرئەوەی ناوچەی گرکانی بون (المعماری، 2006: 37)، جۆرەکانی تری بەردی وەکو لازورد، فیروز (حمید،2013:22–23)، عقیق، سەدەفەکان (الأصداف) و مەڕمەڕی سپی و مەڕمەڕی ئاسایی لە ناوچەکانی ئێران هەبون بەڕێگای بازرگانی هێنراون بۆ میسۆپۆتامیا هەر لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە ئەم جۆرە بەردە بەنرخانەییان بۆ ڕازاندنەوەی کۆشک و تەلارەکانیان بەکارهێناوە (گریشمەن، 2013: 24–25) مێژوی بەکارهێنان و دۆزینەوەی ئەم بەردە بەنرخانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵە سۆمەرییەکان (حمید،2013: 22).

## تەوەرەی دوەم: (هەناردە- هاوردە)ی بەرهەمە بازرگانییەکانی کوردستانی کۆن

### یەکەم: هەناردە (نێردراو)

هەناردە هەمو ئەو کەلوپەل و بەرهەمانە دەگرێتەوە، کە بۆ دەرەوەی سنوری کوردستان ڕەوانەکراون بە ڕێگای بازرگانی، واتە ئەم کەرستە و بەرهەمانەی کە کوردستان پێی دەوڵەمەندبوە، زیاتر بوە لە پێویستیەکانی خۆی بەڕێگای بازرگانی بۆ دەرەوەی کوردستانی ناردوە، یاخود ڕەنگە لەشوێنێکی ترەوە هێنرابێتە کوردستان لەوێشەوە نێراوە بۆ دەرەوەی سنوری کوردستان بۆ ئەمەش باشترین بەڵگەمان ئاراپخایە کە شوێنێکی ستراتیژی و گرنگی هەبوە، لەوێوە بەرهەم و کەرەستە خاوەکان ڕەوانەی دەرەوە کراون، بۆزیاتر ڕونکردنەوەی لە لاپەڕەکانی دواتر باسیان دەکەین، ئینجا بەرهەمەکان کانزا بێت یاخود بەرهەمی کشتوکاڵی یاخود بەرهەمی ئاژەڵی ...هتد، یاخود دار یان کانزا و بەردە گرانبەهاکان و کۆیلە.

کۆیلە بازرگانی پێوەکراوە لە کوردستانەوە هەناردەی دەرەوە کراوە، بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی کاری کشتوکاڵی وبیناسازی وجێ بە جێ کردنی کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بازرگانانی میسۆپۆتامیا دەهاتن کۆیلەیان لە ناوچە

کانی لۆلۆ و سوبارتو و گۆتی دەکڕی ودەیانبرد بۆ باشوری میسۆپۆتامیا ئەم بازرگانییە یان بە ڕاستەوخۆ دەهاتن بۆ ناوچەکانی کوردستان کۆیلەکانیان دەکڕی یاخود بە ناڕاستەوخۆ بازرگانانی ناوخۆ بە هەرزانتر کۆیلەکانیان دەکڕی لەیەکتری دواتر دەیانهێنان بۆ ناوچەکانی ئیشنۆنا[9] شانشینێک بو لەسەر ڕوباری دیالە یاخود دەیانهێنا بۆ نوزی و لوبدا کە باشوری کەرکوک دەگرێتەوە ئەم شوێنانە وەکو بازاڕێکی گەرمی کۆیلە وابون بازرگانانی میسۆپۆتامیا دەهاتن بۆ کڕینی ئەم کۆیلانەی کوردستان (الرویح، 1977: 44)، لە دەقێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باس لە بازرگانێک دەکات کە دو کۆیلەی سوباری بکڕێت لە ئیشنۆنا چونکە ئیشنۆنا وەکو بازاڕی هاوردەکردنی کۆیلەی کوردستان وابوە بۆ وڵاتی بابل(عقراوی، 1978: 52)

بەپێی گۆڕانکاری سەردەمەکان بازرگانی کردن بە کۆیلەوە هەبوە، لە هەزارەی دوەمی پ.زدا کۆمەڵێک دەقی دۆزراونەتەوە تایبەتن بە بازرگانی کۆیلە وەکو ئەم دەقانەی خوارەوە:

((لە گرێبەستێکی بازرگانی بابلیدا بۆهێنانی کۆیلەی گوتی بەهێز وجوان 20 شقڵ زیو دەبێت ئەگەر لە ماوەی مانگێکدا هاوردەبکرێت)) (غەفوری،2019: 89)، ((لە نامەیەکی تایبەتدا هاتوە ماوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دوەمی پ.ز بازرگانێک گلەیی لە بازرگانە هاوبەشەکەی دەکات کە دەبوایە لەماوەی مانگێک کۆیلەی خوری بفرۆشێت، بەڵام نەفرۆشراوە))(غەفوری، 2019: 89، 91) چەندین دەقی هاوشێوەی ئەمە دۆزراوەتەوە.

کوردستان یەکێک بوە، لەو ناوچانەی کە بە هەندێک لەو بەرهەمە سروشتیانە دەوڵەمەندبوە، کە لە ناوچە چیایی و شاخاوییەکان بونی هەبوە، وەکو دارو درەختەکان کە بازرگانەکان دارەکانیان لە چیاکانی زاگرۆسەوە دەهێنا، دواتر بەڕێگای ئاوی لە زێی بچوکەوە دەیانگواستەوە بۆ شارەکانی تری ئاشور، دەتوانین بڵێین لەم سەردەمەدا دارو درەختەکان خواستێکی زۆریان لەسەربوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە دروستکردنی کەشتی و خانو و کەلوپەلیتر بەکارهێنراوە، بۆیە خواستی بازرگانی زۆری لەسەربوە، ئینجا چیاکانی زاگرۆس لە باکورو باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دارو درەخت دەوڵەمەندبوە، بەشێکی زۆری بازرگانان هاتون بۆ بردنی دارەکان لە چیاکانی زاگرۆس(النجار، 2011: 78).

یەکێکی تر لەو بەرهەمانەی کە هەناردە کراوە، لە کوردستانەوە بۆ شوێنەکانی تر بریتیبوە، لە کانزا کە بەپێی دۆزینەوەی دەقی نوسراوی مێژوی ئەم ڕاستیانە پشتڕاست کراونەتەوە، کانزاکان خواستی زۆری بازرگانیان لەسەربوە، ئەمەش بەپێی مێژوی دۆزینەوەی هەریەکێک لە کانزاکان لەلایەن مرۆڤەوە بەکارهێنراوە، بۆ دروستکردنی کەلوپەل و ئامرازەکانی ژیانی ڕۆژانەی یاخود بۆ ڕازاندنەوە و کەلوپەلی جوانکاری لێرەدا ئێمە بە پێی توانا کانزاکان دەخەینەڕو کە لەلایەن مرۆڤەوە بەکارهێنراوە و خواستی بازرگانی لەسەربوە، مس یەکێک بوە لەو بەرهەمانەی کە هەناردە کراوە بۆ دەرەوەی کوردستان یەکێک لەم شوێنانەی کە بازرگانی لەگەڵ کوردستان

کردوە باشوری میسۆپۆتامیا بوە، ئەمەش بەبەڵگەی دەقێک دەتوانین ئەمە پشتڕاست بکەینەوە، لە دەقێکی نوسراوی پاشا(کودیا)[10] بۆمان دەردەکەوێت، کە لە ناوچەی (کیماش)Kimas دەکەوێتە بەرزاییەکانی باشوری زنجیرە چیای حەمرین وبەڕێگای بازرگانی ئاوی زێی بچوک نێردراوە، ئەم شوێنە کانگای هێنانی مس بوە، هەروەکو لە دەقەکەدا هاتوە((ka-gal- ad ki – hur-sag-ki-mas-ka- urdamu- ni-ba-al لە شاری کاکلاد، لە چیای کیماش، مسیان دەرهێناوە)) (المعماری، 2006: 115).

مس وتەنەکە بەتایبەتی لە هەزارەی دوەمی پ.ز لە سەردەمی باڵا دەستی ئاشورییەکان گرنگییەکی یەکجار زۆری هەبوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاشورییەکان تەنەکە و مسیان لەگەڵ یەکتری تێکەڵاوکردوە، لە دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ و دروستکردنی پەیکەروە ئامێری کشتوکاڵی بەکارهێنراوە، هەروەها وەکو(بایی) نرخی کاڵا بازرگانییەکانیش بەکارهێنراوە، لە هەزارەی دوەمی پ.ز بازرگانە ئاشوری و خورییەکان لە ئەنادۆڵ مامەڵەیان لەسەردەکرد لە ئاشورەوە بۆ ئەنادۆڵ دەگواسترایەوە(المنذري، 1999: 34).

ئەو سەرچاوانەی کە شوێنی هێنانی تەنەکە بون زۆربوە، وەکو شمشارە[11]ڕێگایەک بوە بۆ هێنانی تەنەکە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە لە ناوچەکانی شمشارە پاشماوەیەکی زۆری تەنەکە دۆزراوەتەوە، بە پێی نوسراوەکانی شمشارە دەرکەوتوە، کە لەو ڕێگایەوە بۆ نوزی دواتر بۆ ئاشور بردویانە، نوزی ناوەندێکی بازاڕی گرنگ بوە، لەناوەخۆی کوردستان بۆ ناردنی تەنەکە بۆ دەرەوە و نرخی هەرزانتر بوە لەچاو وڵاتانی تر، لە کوردستانەوە بۆ وڵاتی بابل و ئاشور نێردراوە، دەتوانین بڵێین بەڕێگای وڵاتی لوللو بۆ نوزیش هێنراوە، لەبەرئەوەی پەیوەندی بازرگانی نێوانیان زۆر بە هێزبوە(کوێخا جەلال،2008: 168).

لەبەرئەوەی ئاشورییەکان بەرهەمی ڕستن وچنینیان زۆربوە، لە شاری ئاشورەوە دەیانگۆڕیەوە بە کانزای مس (حمادی 2016، 202) بە درێژایی(110کم)لەڕێگەی کاروانە بازرگانییەکانەوە بە باری گوێدرێژەوە بە قورسایی( 100کغم)کە بەڕێگای وشکانی بازرگانەکان دەهاتن لە شاری ئاشورەوە بۆ شاری کول تەپە دەچون ئەم کاروان بازرگانیە ماوەی دومانگی دەویست تاوەکو دەگەیشتە شوێنی مەبەست، بازرگانەکان جگەلەوەی کە بەرهەمەکانی ڕستن وچنینیان دەهێنا بۆ کوردستان، لەوێشەوە تەنەکە (القصدیر) و مسیان دەبردەوە، لەگەڵ خۆیان لە ناوچەی (ارغانی ماردین) ناوچەیکی دەوڵەمەندە بە کانزای مس ئەمەش بە بەڵگەی نوسراوەکانی لە ناوچەی (خارانا-حەران) دۆزراوەتەوە(سعید،1977: 188)، ئەم ناوچەیە وەکو بنکەیەکی بازرگانی نێوان کاروانە بازرگانییەکانی ئاشور وکانیش بوە، ئەم بارانەیان بەڕێگای وشکانی دەگواستەوە بە ئامرازی گواستنەوەی وەکو گوێدرێژ و ئێستر وگالیسکە نزیکەی پێنج تەن لەیەک کاروانی بازرگانی دەگواستەوە ئەمەش بە پێی دەقێکی نوسراوی پاشای ئاشوری ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە، ناوچەی قبرص بە کانزای مس دەوڵەمەندبوە، بەڕێگای بازرگانی لەشاری ماریەوە

دەهێنرابۆ کوردستان و میسۆپۆتامیای باشور ئەمەش بە بەڵگەی نوسراوەکانی ماری ئەمانەمان بۆ پشتڕاست دەبێتەوە(المعماری، 2006: 117- 119).

یەکێکی تر لەو کانزایانەی کە لە کوردستان بونی هەبوە، هەناردەی دەرەوە کراوە بریتیبوە لە تەنەکە یەکێک بوە، لەو کانزایانەی کە خواستی زۆری بازرگانی لەسەربوە، بەتایبەتی لەلایەن ئاشورییەکان، ئەم کانزایە لە ناوچەی شمشارە هەبوە، ئەمەش لە دەقەکان بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەزارەی دوەمی پ.ز ئاشورییەکان لەسەردەمی شەمشی ئەدەدی یەکەم1813-1781پ.ز زۆرترین ئاڵوگۆڕی بازرگانیان لەگەڵ کراوە بۆشاری ئاشور (سعید،1977: 72).

لە دەقێکی دۆزراوەی نوزی ئاماژەی بۆ کراوە کە دەستگەیشتن بە کانزاکان ئاسان بوە، بەتایبەتی تەنەکە( Lion & Sauvage,2005:85)، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کانزا لە دەرەوەی سنوری باکوری کوردستانی کۆندا ناوچەی کانیش (کول تەپە) دەورێکی باڵای هەبوە(حمادی، 2016: 202)، لە هەناردەکردنی زیوئەویش بەڕێگای بابل و ئاشور زیو نێردراوە بۆ نوزی، هەروەها عیلام کە دەکەوێتە باشوری کوردستانی کۆن سەرچاوەیەکی سەرەکی هێنانی زیو بوە بۆ کوردستان، جگە لەم زانیاریانە هیچ دەقێکی تر نەدۆزراوەتەوە کە باس لە سەرچاوەی هێنانی زیو بکات بۆ کوردستان (کوێخا جەلال، 2008: 167)، لە شوێنی دراوی ئێستا بەکارهێنراوە، زیو بەکارهێنراوە، بۆ دروستکردنی مۆری پاشایەتی ئەم جۆرە مۆرە لەناوچەی ئۆغاریت دۆزراوەتەوە، ئەمەش لەژێر کاریگەری یۆنانیەکان (ئیجەییەکان) بون (یونس، 2000: 116)، باجیش هەر لەڕێگەی زیوەوە دەدرا جا هی هەر مامەڵەیەکی بازرگانی بێت، ئاشورییەکان سیاسەتێکی ئابوریانەیان بەکاردەهێنا، بۆ داگیرکرنی شوێنە سەرەکیەکانی بازرگانی ئەویش بریتیبو لە دانی باج و سەرانە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئاشوری بون، ئەمەش جگە لە مەبەستێکی سیاسی مەبەستی بازرگانی لەدواوە بوە، بۆ هێنانی کانزا وبەردە بەنرخەکان(حمید، 2013: 14).

بازرگانەکان لە چەند شوێنێکی سەرەکی ئەم بەرهەمانەیان دەهێنا کە دەوڵەمەندبون، بەم کەرەستە خاوانە وەکو ناوچەکانی (زنجیرە چیای تۆرۆس بە چیای زیوی ناسراوە، ناوچەکانی کول تەپە لە ناوچەی Bulgar Madin، کەنداوی عەرەبی دلمون و میلوخا) مێژوی دۆزینەوەی زیو لەم ناوچانە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز، هەروەکو لە دەقێکی نوسراوەکانی سەرجۆندا هاتوە، کە سەرجۆنی ئەکەدی هێرشە سەربازییەکانی بەرەو ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوا بوە، یاخود بەرزاییەکانی فرات کە ئەم شوێنانەی بە کانگای کەرستەو کانزا خاوەکان داناوە، لە هەزارەی دوەمی پ.ز ئاڵوگۆری بازرگانی نێوان ئاشور و کول تەپە زۆر گەرم و گوڕ بوە، ئاشورییەکان بەرهەمەکانی دەستیان وەکو کاری ڕستن و چنینەکانیان دەبرد بۆ کول تەپە ولەوێشەوە زیویان لەگەڵ خۆیان

دەهێنا(المعماری، 2006: 123-124)، زێڕ وزیوله ناوچەی شاخاوییەکانی باکوری کوردستان بونی هەبوە، لە ناوچەی باکورو باکوری ڕۆژئاواوە سوریاش بونی هەبوە(حمادی ،2016: 202).

شاری ئاشوریش یەکێک بوە، لەو شوێنانەی کە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ کوردستان کردوە، بەتایبەتی بەرهەمەکانیان وەکو سوف ڕستن وچنینەکانیان دەگۆڕییەوە، بە زێڕ کە لە ناوچەکانی باکوری کوردستان دەهێنا(الجادر،1988: 251)، زێڕ وزیو بۆ دروستکردنی پەیکەرەکانی پاشا و خواوەندەکانیان بەکاریاندەهێنا، بە تایبەتی بۆ دروستکردنی سەری پەیکەرەکان هەروەها بۆ ڕازاندنەوەو جوانکاری بەکاردەهێنران پێداویستی و کەل وپەلەکانیان کە لە دار دروست دەکران دواتریش بە زێڕ و زیو ...هتد ڕوپۆش دەکران، ئەم شوێنەوارانەش لە گۆڕستانی شاری نمرود دۆزراوەتەوە(المعماری، 2006: 136-135)، ئاشورییەکان جگە لەوەی کە لە بواری ڕستن وچنین دەسترەنگین بون، لە بواری دروستکردنی چەکیش دەستێکی باڵایان هەبوە، بۆیە لە هەزارەی دوەمی پ.ز هەندێک لە ناوچەکانی کوردستان ودەوروبەری لە ژێر دەستدابوە، بۆیە بازرگانەکانیان دەچون لە دەرەوەی ئاشور و کوردستان ئاسن و مس و برۆنزیان دەهێنا، بۆ دروستکردنی چەک دواتر بەکاریان دەهینا بۆ داگیرکردنی ناوچەکان بۆیە بازرگانی کانزا زۆر پێشکەوتو بوە(الحمادی، 2016: 202)، لە کوردستاندا بەرهەمی ئاژەڵ و کشتوکاڵیش یەکێکی تربوە، لە کاڵا بازرگانییەکان لەبەر سروشتی جوگرافیای ناوچەکە بەم بەرهەمانە دەوڵەمەندبوە(حمید، 2000: 12)، ئەم بەرهەمانە ئاڵوگۆڕی بازرگانی پێوەکراوە، هەناردەی دەرەوە کراوە، کە لە کوردستانەوە بۆ باشوریان دەنارد، بابل یەکێک بوە لەو شوێنانەی کە بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی لە کوردستانەوە هاوردەکردوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە سنوری باکوریدا هاوسنوربوە، لەگەڵ کوردستان (الحمادی، 2016: 201)، بابل لەبەرئەوەی لەڕوی کەرستەی خاوی پیشەسازی وبەرهەمە کشتوکاڵیەکان و کانزا وبەردە بەنرخەکان هەژاربون، بۆیە لە دەرەوە دەیانهێنا کوردستانیش لە ڕوی جوگرافیەوە نزیک بوە لە میسۆپۆتامیاوە ئەوا ئەم بەرهەمانەیان بۆ بابل هەناردە کردوە، لە بەرامبەردا بابلیەکان کۆمەڵێک لە دروستکراوی دەستی خۆیان ومۆر لە کانزای گرانبەهای وەکو زێڕ و زیو هەناردەی دەرەوە دەکرد لە بەرامبەردا بەرهەمی کشتوکاڵی و کەرستەی خاو بۆن و بۆیاخ و تەنەکە وزیویان دەهێنا (الحمادی، 2016: 201)، لە دەقێکی دۆزراوەی ئۆگاریت دۆزراوەتەوە کە پاشای هیتی نزیکەی 500تەن دانەوێڵەی لە شاری ئورکیش کڕیوە(Silver1995,8-9)، لەبەرئەوەی کوردستان ناوچەیەکی کشتوکاڵی گرینگ بوە بەتایبەتی شاری ئورکیش وحیسییەکانیش بەرهەمی دانەوێڵەیان کەم بوە، بۆیە بەڕێگای بازرگانی لە کوردستانەوە هاوردەیان کردوە، بەردە بەنرخەکانیش یەکێکی تربون، لەو بەرهەمانەی کە ئاشورییەکان لە ناوچەکانی کوردستانە بازرگانیان پێوە دەکرد، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لە ناوچەی گاسور بازرگانەکان بەردە بەنرخەکانیان دەهێنا لە ناوچەی بدخشانەوە دواتریش بازرگانانی ئاشور ومیسۆپۆتامیای باشور بەڕێگای بازرگانی دەهاتن بۆ بردنی ئەم بەردە بەنرخانە(النجار، 2011: 79)، جگەلەمە لە نیوەی دوەمی هەزارەی

دوەمی پ.ز دەوڵەتی میتانی ئیمپڕاتۆریەتێکی دامەزراندبو، دەسەڵاتەکەی زۆربەی کوردستانی گرتبویەوە، ئەمانیش پەیوەندی دیبلۆماسیان لەگەڵ ناوچەکانی میسڕ دروستکردبو، لەڕێگەی ئەم پەیوەندیە دیبلۆماسیەوە کچەکانیان بە مەبەستی هاوسەرگیری بۆ فیرعەونەکانی میسڕ دەنارد(گریشمەن، 2013: 79) و لە بەرامبەردا زێڕ وزیویان وەردەگرت، پەیوەندی دیبلۆماسی لە نێوان پاشاکانی میتانی نامەی و فیرعەونی میسر هەبوە(باقر، 2012: 80 – 86 )، لەبەرئەوەی میسڕ لە سەرچاوەی سەرەکی کانەکانی زێڕی ئەفریقا نزیک بوە، بۆیە میتانییەکان داوای زێڕی زۆریان کردوە، ئەم داواکردنە زۆرەش لە قاڵبی دیاری ئاسایی دەردەچێت، دەتوانین وەکو سەرچاوەیەک یاخود دیاردەیەکی ئابوری سەیری بکەین،جگە لە بونی پەیوەندی دیبلۆماسی دەتوانین بە پەیوەندی  بازرگانی دابنێین، لە نامەیەکی نێوان میسڕ لەسەردەمی ئەمنحوتبی سێیەم و ئەمنحوتبی چوارەم (ئەخناتون) لە ساڵی 1360پ.ز و میتانی لەسەردەمی پاشای میتانی (توشراتا)لە دەقێکی نوسراوی نامەکانی عەمارنە بەم شێوەیە نوسراوە ((بۆ پاشای میسڕ، براکەت پاشای میتانی، هیوادارم باشبیت، هیوام باشیتە، خوشکەکەم کلوخیبات، هیوادارم باش بێت، خێزانەکەت و منداڵەکانت، پیاوماقوڵان، ئەسپ و عەرەبانەکانت..............)، لەم نامەیەدا کۆمەڵێک دیاری و زێڕ داوا دەکات(اسماعیل،2018: 120–121).

پەیوەندی بازرگانی نێوان کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێی لە سنوری ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوای کوردستانی کۆن هەر لەسەردەمەکانی چاخی بەردینی کانزای ناوەڕاست ونوێ بونی هەبوە، ئەمەش بە بەڵگەی شوێنەوارە مێژوییەکان کە لە ئۆگاریت دۆزراوەتەوە، کۆمەڵێک کاڵا و کەلوپەلی وڵاتانی میسڕ و کوردستان و سوریا لەم شوێنەدا دۆزراونەتەوە، کە هاوەشێوەی یەکتری بون(یونس، 2000: 135)، جگە لەمانەش لە هەزارەی دوەمی پ.ز ئەو کاتەی ئاشورییەکان دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکەیان لەژێر دەستدا بوە، لە دەقەکانی ماریدا دۆزراوەتەوە کە پەیوەندی بازرگانی گەرموگوڕ لەنێوان شارەکانی کوردستان ودەرەوەی سنوری ڕۆژئاوا وباکوری ڕۆژئاوادا هەبوە، یەکێک لەم شارانە شاری حەلەب بوە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی دیبلۆماسی و ژن وژنخوازی سیاسی لەنێوان شاری ماری و شاری حەلەب دا هەبوە، لەبەرئەوەی  شاری حەلە ب  لە ڕوی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانەوە دەوڵەمەندبوە، بەرهەمی وەکو دانەوێڵە و کونجی و گەنم و شەراب و ڕۆن و بۆن و هەنگوین وبەرهەمە جوانکارییەکانی لەکانزاو بەردە بەنرخەکان وسوفی هەناردەی دەرەوەی کردوە، لەم سەردەمەدا حەلەب دەستی گرتبو بەسەر ڕێگا بازرگانییەکان، هەروەها جگە لەمانەش ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەرهەمە دانەوێڵەییەکان و کانزاکان وەکو تەنەکە کە لە حەلەبەوە بەڕێگای بازرگانی دەنێرا بۆ ماری هەروەها بەردی بەنرخ و دار وکانزاش لە نێوانیان ئاڵوگۆر پێکراوە بە ڕێگای بازرگانی ئاوی لەڕێگای ڕوباری فراتەوە بەرهەمەکان ئاڵوگۆڕیان پێوە دەکرا(خلیف، 2017: 154)، ئیدوبە بەردەوامی بەرهەمەکانی وەکو میوە و گەنم و هەنگوینی بۆ ئاشور ناردوە (ئەحمەد،2013: 70–71). لە ناوەخۆی کوردستانەوە بەرهەم بۆ ئاشور هەناردە کراوە، پەیوەندی بازرگانی هەر لە پێش سەردەمی

نوسینەوە هەبوە، ئەم پەیوەندیە بازرگانیەش لەڕێگەی وشکانی وئاویەوە بوە، کە کاروانە بازرگانییەکان کاڵا و شمەک و کەلوپەلەکانیان گواستۆتەوە لەڕێگەی ئاژەڵە باریەکانی وەکو گوێدرێژ و ئێستر و کەشتی بۆ ڕێگا ئاوییەکان(یونس، 2000: 135-136)، بۆنمونە لە حەلەبەوە تاوەکو ئیمار بەڕێگای گوێدرێژو ئێستر گواستراوەتەوە، لەوێشەوە بەڕێگای ئاوی و کەشتی ڕەوانەی ماری و شارەکانی تری سوریاکراوە(خلیف، 2017: 157)، جگەلەمە لە هەزارەی سێیەمی پ.زپەیوەندی نێوان کوردستان و شاری ئەکەد زۆر باش بوە لە ڕوی سیاسی و بازرگانیەوە، پەیوەندی بازرگانی لە نێوان وڵاتی ئەکەد و ئورکیش هەبوە، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی کە چەند مۆرێک دۆزراوەتەوە، کە وێنە هەڵکەنراوەکانی سەر مۆرەکە هاوشێوەی یەکترە، ومێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز (Buccellati, 2005:40)، جگە لەمانە هەر لەم سەردەمی لە هەزارەی سێیەمی پ.ز پەیوەندی ژن و ژنخوازی لە نێوان شاری ئەکەد و ئورکیش هەبوە، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی کچی نەرام سین پاشای ئەکەد ژنی فەرمانڕەوای شاری ئورکیش کردوە، ئەمەش بەبەڵگەی دۆزینەوەی مۆرێک لە شاری ئورکیش ئەمە دەسەلمێنێت، کە کچی نەرام سین بەناوی(تار ئام-ئەگاد کچی نەرام سین) ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە پەیوەندی دیبلۆماسی لە نێوانیان هەبوە ( Buccellati, 2005:28)، هەموپەیوەندی وئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی نێوان ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوای کوردستانی کۆن لە شارەکانی حەلەب و ئالالاخ سەرچاوەی گرتوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی و ستراتیژی بازرگانی ناوچەکە بەهۆی ڕوباری فراتەوەیە هەر بەرهەم و کەلوپەل و کەرستەیەکی خاوی پیشەسازی ئاڵوگۆڕی بازرگانی پێوەبکرێت لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکور و باشور ئەوا بە خاکی کوردستاندا تێپەڕیوە، لە ئەنجامی گەران وپشکنینەکانی شوینەوار ناسان ناوچەیەکی گرینگی کشتوکاڵی و بەپیت و ستراتیژی بازرگانی دەکەوێتە ناوچەی نێوان ئالالاخ و دۆڵی فرات بەرەو ڕۆژئاوای سوریا دەکەوێتەسەر ڕێگای ئیمار ئەم ناوچەیە بەناوی (جەبۆل)(Cooper, Schwartz &Wesibrook,2005:41)، دەتوانین بڵێین ناوچەیەکی ستراتیژی و دەوڵەمەند و ڕێگایەکی گرینگی بازرگانی بوە، بۆ دەرەوەی سنوری ڕۆژئاوای کوردستان، دەتوانین بڵێین خاکی کوردستان وەکو ترانزێت وابوە، لە نێوان هەرچوار ئاڕاستەی ڕێگا بازرگانییەکان ئەمانەشمان بەپێی دۆزینەوەی دەقە نوسراوەکان و شوێنەوارەکانی شارەکان بۆ دەردەکەوێت بەتایبەتی دەقەکانی ماری کە زۆر بەوردی نوسراوە بازرگانییەکانی نێوان ماری و لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری باس کردوە، لەوانەش شارەکانی کوردستان بەشێک بون لەم ئاڵوگۆڕە بازرگانیانە.

ناوچەی تل المشرفة[12]خورییەکان لەم شوێنە دەسەلاتداربون بەپێی گەڕان و پشکنینەکانی ئەم شارە پەیوەندییان لە میسرییەکاندا هەبوە، جا هەندێکجار بە هێرشی جەنگی بوبێت هاتون بەرەو ئەم ناوچەیە یاخود جاری وا هەبوە پەیوەندییەکان گۆڕاون بون، بە دیارییەوە هاتون بۆ ئەم ناوچەیە لەلای میسرییەکان بە نەهارینا ناسراوە لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە شوێنێکی گرنگ وستراتیژی بوە، ناوچەیەکی دەوڵەمەندبوە بە بەرهەمە کشتوکاڵی و

کانزاییەکان، جگە لەمانەش وەکو ڕێگایەکی بازرگانی وابوە بۆ گەیشتن بە بنکەی بازرگانی کەبەدۆکیا[13] (الفاخوری، 2014: 67-76)

### دوەم: هاوردە (هێنراو):

هاوردە هەمو ئەو کالاَ و کەل وپەل و بەرهەمانە دەگرێتەوە، کە لەشوێنێک بونی نییە لە شوێنێکی تر بە ڕێگای بازرگانی دەهێنرێت، ئەمەش بەهۆی پێویست بونی دانیشتوانی ئەم شوێنە بەو بەرهەمانە کۆمەڵێک هۆکاربونی هەبوە، کە وایکردوە هەندێک لەپێداویستی و کەرستەی خاو و بەرهەم لە کوردستان نەبێت، لە دەرەوە هاوردە بکرێن، ئەم هۆکارانەش بریتین لەوەی کە کوردستان ومیسۆپۆتامیا بەگشتی نەکەوتۆتە سەر ڕوبەری ئاوی گەورە کە بتوانێت سود لە گیانەوەرە دەگمەنەکانی ناو ئاو وەربگرێت بۆ نمونە سەدەف کە یەکێکە لەو گیانەوەرە ئاویانەی کە بەردی بەنرخ دروست دەکات لەناو زەریا دا دەژیت، هۆکارێکی تر ئەوەیە لەسەر هێڵی یەکسانی نییە بە درێژایی ساڵ بارانی تێدا ببارێت دارستانی چڕی هەبێت(الحمید، 2013: 11)، خاڵێکی تریش ئەوەیە کە تەقینەوی گڕکانی چیاکانی کوردستان لە بەشی باکور و ڕۆژهەلاَتی بە شێوەیەک نییە کە بومەلەرزەیەکی بە هێز دروستبکات، بۆ ئەوەی کانزا و بەردی بەنرخ لە ژێر زەوی بێتە دەرەوە تەنیا کەمێک نەبێت(لیفی1980، 47)، مێژوی هاوردەکردن لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چاخە کۆنەکان بۆیەکەمین جار لە گوندی چەرمۆ(ساکز،1979: 195-199)هەروەکو شاری کەرکوک بە ڕێگای بازرگانی بەردە بەنرخەکانی هێناوە لە ناوچەکانی ئەرمینیا(النجار، 2011: 77)، هەروەها لەڕێگەی کنە و پشکنینەکان لە ناوچەی زاوی چەمی لەم شوێنەدا ئامێری دروستکراو لە بەردی (ئۆبسیدی)گڕکانی دۆزراوەتەوە، ئەم جۆرە بەردەش لەناوچەی کوردستانی ناوەڕاست و باشور بونی نیە، بەلاَم لە ناوچەکانی چیای ئارارات و ناوچەکانی دەوروبەری وان هێنراون و لەناوچەکانی نزیک دەریای ئیجە کە دەرەوەی سنوری ڕۆژئاوای کوردستان دەگریتەوە، ولە ناوچە چیاییەکانی ئێران کە زنجیرە چیای زاگرۆس و تۆرۆس ولە ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ئەفغانستان ئەم جۆرە بەردانە وەکو بەردی لازورد(بەردێکی شینی درەوشاوەیە)بونی هەیە، لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ لە دەرەوەی سنوری باکوری کوردستان بونی هەبوە، ئەم جۆرە بەردانە لەم شوێنانە هێنراون بۆ کوردستان ئامێری بەردینیان لێ دروستکردوە، دەکرێ لە سەردەمەکانی دواتری ئەم چاخەوە زیاتریان لەم جۆرە بەردانە هێنرابێتە کوردستان لەبەرئەوەی بەردی گرانبەها و بەنرخ و دەگمەن بون (الهاشمی،1985: 195)، سەرچاوەی سەرەکی هێنانی ئەم جۆرە بەردە بەنرخانە بۆ کوردستان و میسۆپۆتامیا لەناوچەی بەدەخشانی ئە فغانستان بوە(الهاشمی،1985: 203)، بازرگانی کردنی کوردستان و میسۆپۆتامیا بۆ هێنانی ئەم جۆرە بەردانە چەندان ڕێگایان بە دوری( 2400کم) بڕیوە، درێژایی ئەم ڕێگایەش لەنێوان میسۆپۆتامیا و بدەخشان بێگومان بەناوخاکی کوردستان دا تێپەڕیوە(Georgina,1980:21)، ئەم ڕێگایە دەتوانین بڵێین لە بدخشان کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاَتی ئێران لەوێشەوە بۆناو خاکی ئێران دواتر بۆ کوردستان

هاتوە، ئەمەش دەتوانین بە بەڵگەی ئەوە بیســـەلمێنیین کە لە دەقەکان باس لە بازرگانانی گاســـور[14]دەکات، کە پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ ناوچەی بەدەخشـــان هەبوە(النجار، 2011: 77-79)لەوێشـــەوە بۆ میســـۆپۆتامیای باشور ڕۆیشتوە.

بەپێی خوێندنەوەمان بۆ سەرچاوەکان بەردە بەنرخەکان هەم لەناوچەکانی کوردستانی کۆن بونیان هەبوە، وەکو لە نێوان ناوچەی (هەرێمی سوباری-خوری) و (هەرێمی لۆلۆ)، جگەلەمەش جۆری جیاواز لە بەردە بەنرخەکان لە شوێنەکانی دەرەوەی سنوری کوردستان هێنراون بۆ کوردستان و هەم کوردستانیش وەکو ڕێگایەکی بازرگانی وابوە، بۆ هێنانی بەردەکان بۆ ناوچەکانی میسۆ پۆتامیا. عیلام سەرچاوەیەکی سەرەکی گرنگ بوە بۆ هێنانی بەردی(فیروز- لازورد-زبرجد)، بەگشتی ئەم جۆرە بەردە بەنرخانە لە سەردەمە کۆنەکاندا خواستی زۆریان لەسەر بوە بۆ دروستکردنی خشڵ و جوانکاری بەکاردەهێنرا، هەروەها بۆ جوانکاری پەرستگا و ڕازانەوەی بەکاردەهێنراوە(Larsen,1982:34).

لە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بە کەنداوی عەرەبی کراوە، بۆ هێنانی بەردی بەنرخ وەکو (لازورد)، ئەم ڕێگایە لە باشوری میسۆپۆتامیایە سێ بەندەری سەرەکی دەگرێتەخۆی وەکو(دلمون- مکان- ملوخا)(الحمادی، 2016: 189)، لە نوسراوە ئەکەدی وسۆمەریەکان بە دەریای خوارو ناسراوە، بە سۆمەری ئا. ئاب.با.سیگ . A . AB BA. SIG بە زمانی ئەکەدی تەمتی ساسیت سامسی Tamti sasit samsiناسراوە(المتولي،1994: 285-286)، ئەم بەندەرە بازرگانییە بۆ کوردستانیش گرنگ بوە، لەبەرئەوەی بازاڕێکی گرنگی ساغ کردنەوەی بەرهەمەکانی کوردستان بوە، لەبەرئەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردستان بەتایبەتی ناوچەکانی بەشی (میسۆپۆتامیای باکور)و باشوریان دەنارد، ئەگەر بێت و زیاتر شی بکەینەوە، بازرگانانی میسۆپۆتامیا لە کوردستانەوە بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵییەکانیان دەکڕی و لە بەرامبەردا بۆ ئەم بەندەرێکی بازرگانییەیان دەبرد لەوێشەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی پێدەکرا، لەگەڵ بەردی بەنرخ وعاج...هتدیان هاوردە دەکرد، ئەم جۆرە بەردانە بەشێکیان لە هیند وبەشی ڕۆژهەڵاتی جەزیرەی عەرەبی هینراون بۆ دەربەندی بازرگانی دلمون (الحمادی، 2016: 190)واتە بەرهەمەکانی کوردستان بازاڕی ئەم بەندەرەیان گەرمتر کردوە، ئەم پەیوەندییە بازرگانییەش سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەر لە نوسین لەبەرئەوەی پاشماوەی شوێنەواری لە ناوچەکانی حەسونەدا دۆزراوەتەوە، هەروەکو سەدەفەکان کە بۆ خۆڕازاندنەوە و جوانکاری بەکاریان هێناوە(سعید،1991: 185)، جگە لەمانە چەندین دەق دۆزراوەتەوە، وەکو دەقی ئاینی و ئەدەبی و چیرۆک ئەفسانەکان دەقەکان ئاماژە بۆ هێنانی ئەم جۆرە بەردانە دەکەن وەکو (عاج- سەدەف لازورد-عەقیق...)(الهاشمی، 1985: 46)، لەهەزارەی دوەمی پ.ز بەپێی دۆزراوەی شوێنەواری کۆمەڵێک دەقی ئابوری لەناوچەی کول تەپە دۆزراوەتەوە کە پەیوەندی بازرگانی نێوان ئاشورییەکان وکوردستانی باکورمان پێنیشان دەدات، ڕاستە ئەم ناوچەیە وەکو بنکەیەکی

بازرگانی ئاشورییەکان بوە، ویاسای بازرگانیان بۆ داناوە، بەڵام ئەمە زانیاریمان دەداتێ لەسەر ستراتیژیەتی ئەم شـــوێنە کە ئاشـــورییەکان کردویانەتە بنکەی بازرگانی ولەلایەکی ترەوە دەوڵەمەندی ئەم شـــوێنە لەڕوی سـروشـتەوە(الحمادی، 2016: 191)، لە شـاری ماری بەرهەمە پیشـەسـازییەکانی وەکو جل وبەرگ و چەک هاوردە دەکرا بۆ کوردسـتان بۆ شـاری حەلەب بەمەش پەیوەندی دیبلۆماسـی و بازرگانی توندو تۆڵ لە نێوانیاندا هەبوە(خلیف، 2017: 154)، لە دەقێکی تری نوزی ئاماژە خوری ڕەنگکراو کراوە، لە دەقەکەدا باس لە بازرگانێک دەکات کە چۆن جل وبەرگەکانی فرۆشـــتوە(Lion & Sauvage,2005:62-63)، لە پەیوەندیە بازرگانییەکانی نێوان کوردســـتان ولاتانی دەرەوە بەتایبەتی باکور و ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوای کوردســـتانی کۆن کۆمەڵێک بەرهەم کەلوپەل هەبون کە لەدەرەوە هێنراون وەکو بۆیاخ و بۆن وکانزا گرانبەهاکان ودار ودرەختەکان و شەراب، لە ئـاســـیـای بچوک کـارگەی تـایبەت بە بەرهەم هێنـانی شـــەراب هەبوە، بە پێی گەڕان و پشـــکنینی شوێنەوارناسان(Silver,1995:3)ڕێی تێدەچێت شەراب لەوێوە بەڕێگای بازرگانی هێنرابێتە کوردستان.

لە دەرەوەی سنوری باکوری کوردستانی کۆنیش وەکو ناوەڕاستی ئەنادۆڵ، ولە دەرەوەی سنوری باشوری کوردستانی کۆن کە ناوچەکانی عیلام دەگرێتەوە هێنراوە، ئەمانە کۆگایەکی سەرەکی کەرستەی خاوی کانزای مس بون(المعماری، 2006: 112)، لە شاری ئاشوریشەوە مس دەهێنرایە کوردستان، ئەم مسە بەڕێگای بازرگانی وشکانی نێوان ئاشور و ئاراپخا هێنراوەتە ناو خاکی کوردستان، هەروەها مس لە ڕۆژهەلاتی زاگرۆسەوە لەڕێگەی هەرێمی لولو دەگەیشتە شاری نوزی (کوێخا جەلال، 2008: 168) لە هەزارەی دوەمی پ.ز بازرگانەکانی میسۆپۆتامیا ئەم پەیوەندییە بازرگانییە گەرم گوڕتربوە، بەتایبەتی لە بەندەرەکانی ملوخا، بازرگانی گرنگ بوە(المعماری، 2006: 109-113)، ئەم شوێنانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بە ئاسانی دەتوانرا بە ڕێگای بازرگانی بهێنرێنە کوردستان، جگەلەمە ئەوەی زیاتر پەیوندی بازرگانی کوردستانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری گەرمتر کردبوە و خواستی زیاتری لەسەربوە، هەرزانی نرخەکەی بوە لە چاو ناوچەکانی تر، ئەمەش پەیوەندی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی گەرمتر کردوە، هاوردە کردنی کۆیلەش بەشێک بوە لە بازرگانیکردن کە لە شاری ئاشورەوە کۆیلە هێنراوە بۆ کوردستان لە ناوچە چیاییەکانی هەریر و ڕەواندز ئەم کۆیلەیە بەرچاو دەکەوێت کەلە ئاشورەوە بە بازرگانی هێنراوە، لەوێوە بە هەرزانتر دەیانفرۆشێت بۆئەم مەبەستە لە دەقێکی دۆزراوەی کارگێری ئەم ناوچەیە هەریرو دەوروبەری گازاندە کراوە کە کۆیلەی ئاشوری دەهێنن لەم ناوچەیە بە هەرزانتر دەیفرۆشن ئەمەش دژی بازرگانانی کۆیلە بوە، گازاندەکەیان دەگەیەنن بە دەسەلاتداران Marf, 2016:149: Lanfranchi & Parpola,1990:150) لە ناوچەکانی ئەرمینیا و جۆرجیا جۆرێک لە گۆزەو گلێنەی ڕەشی ڕەونەقدار وڕەنگی سوردۆزراونەتەوە، کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.زئەم جۆرە گۆزەیە بە قەوقازی ناسراوە، لە کاتی گەڕان وپشکنینەکان مۆری ناوچەی ئورکیش لەم شوێنە دادۆزراوەتەوە، کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ

سەدەی 18پ.ز واتە ئەمانە پەیوەندی بازرگانیان لە گەڵ ناوچەکانی باکوردا هەبوە، کە بە (ناوچەی قەوقاز) ناسراوە، بە پێچەوانەشەوە لە کاتی گەڕان وپشکنینەکان لە ناوچەی قەوقاز ئەوا گلێنە وگۆزەی خاپوری تێدا دۆزراوەتەوە (درویش، 2017: 13)، بەپێی دەقەکانی شمشارە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە پەیوەندی دیبلۆماسی و بازرگانی هەبوە لە نێوان شاری ماری و شمشارە بەپێی دەقەکان بۆمان ڕون بۆتەوە کە چەکیان ئاڵوگۆڕکردوە، باس لە جلوبەرگی چنراویش کراوە لە دەقەکان کە بۆ ماری نێردرابێت (Eidem &LÆSSØE,2001:23-24)، نامە لە نێوان پاشا کۆواری پاشای شمشارەو عیلام ئاڵوگۆڕکراوە، بە پێی دەقەکانی شمشارە پەیوەندی سیاسیان هەبوە(Eidem &LÆSSØE,2001:40-41)، ڕەنگە پەیوەندی بازرگانیشیان هەبوبێت، لە دەقە نوسراوەکانی حیسییەکان گرینگی شاری ئالالاخ مان بۆ دەردەکەوێت بەتایبەتی لەسەردەمی میتانیەکان دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەبوە، جگەلەمەش لەڕوی بازرگانیەوە زۆر گرینگ بوە بۆ کوردستان (Lion,2008:37)شاری ئالالاخ شوێنێکی ستراتیژی و گرینگ بوە، بۆ کوردستان لەڕوی بازرگانیەوە وەکو شوێنێکی ترانزێت وابوە لە کوردستانەوە بۆ دەرەوە، (Lion,2008:2) بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم شارەش وەکو شارەکانی تری کوردستان گەڕان وپشکنینی تەواوی تێدا نەکراوە، بۆیە زانیاری یەکانمان لەسەری کەمە ئەوەی وەرمانگرتوە لە دەقەکانی ماری ونوسراوەکانی هیتیەکان وەرگیراوە(Lion2008,3)، پەیوەندی بازرگانی لەنێوان دەوڵەتی ئۆگاریت و کوردستان و میسۆپۆتامیا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی برۆنزی ناوەڕاست و نویێ لەبەرئەوەی ئەو پاشماوە شوێنەوارییانەی کە دۆزراونەتەوە، مۆرکی ئەم شارستانیەتەیان پێوە دیارە (یونس2000، 135)، هەروەها لە نیوەی دوەمی هەزارەی دوەمی پ.زدا پەیوەندی بازرگانی لە نێوان ئۆگاریت و دەوڵەتی میتانیدا هەبوە، بەتایبەتی ئۆگاریت بە بەرهەمە پیشەسازییەکانی وەکو ڕستن و چنین و خوری ڕەنگکراو و سوف و جلوبەرگی دروستکراو لە سوف و خوری ڕەنگاوڕەنگ و ڕازێنراوەتەوە بە جۆرەها بەردی گرانبەها، لەبەرئەوەی کاریگەری شارستانیەتی میسرییەکانیان بەسەرەوە بوە، شێوازی جلوبەرگەکانیان بە شێوازی میسرییەکان دەڕازاندەوە، جگە لە کەرستە دروستکرەکانی شەڕ و سەربازی لە کانزا جۆراوجۆرەکان دەوڵەمەندبوە(یونس 2000، 118-125)، بێگومان ئەگەر لەم سەردەمەدا پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی میتانیدا هەبوە، ئەم ناوچانەش بەشێکی زۆری کوردستان دەگرێتەوە، جگەلەمە ئۆگاریت پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا هەبوە، وەکو میسر و دەوڵەتی حیسییەکان(طربية1997, 49)، کاروانە بازرگانییەکان لە بابلەوە بەڕێگای وشکانییەوە دەچون بۆ ئۆگاریت(Heltzer1977,201-202) بەڕێگای ئاڕاستەی ڕوباری فورات دەڕۆیشتن(مارکریت یون1988، 67)، ئۆگاریت بە هەمان شێوە پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئیجەو گریت دا هەبوە، شارستانیەت و بەرهەمەکانی ئەوانی هێناوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کۆن بەرهەمەکانی وەکو گۆزە وگلێنە و ڕون و شەراب ...هتد(یونس2000، 136).

### ئەنجام:

لە ئەنجامی نوسینی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە بابەتی بازرگانی دەرەکی کوردستانی کۆن لە نیوەی دوەمی هەزارەی دوەمی پ.ز گەیشتین بە کۆمەڵێک دەرئەنجامی گرنگ: -

١- کوردستانی کۆن لە ڕوی هەڵکەوتەی سروشتی جوگرافیاوە شوێنێکی گرینگ و ستراتیژی هەیە، ڕێگای بازرگانی گرنگ بوە بۆ تێپەڕبونی کاروانە بازرگانیە ناوەخۆی و دەرەکیەکان.

٢- کۆیلە بازاڕی بازرگانی لە ناوەخۆ و دەرەوە بە هێزو گەرم وگوڕتر کردبوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەوکاتە کارەکان زیاتر بە کۆیلە دەکران ئامێرو مەکینە نەبوە تاوەکو کارەکان زوتر جێبەجێبکەن ئەوا کۆیلەیان بەکاردەهێنا. کۆیلەی ناوچەی لولو بەناوبانگ بوە، لەبەر ئازایی و جوانیان بۆیە خواستێکی زۆریان لەسەر بوە.

٣- کوردستان کۆمەڵێک بەرهەم وکەرستەی خاوی لە وڵاتانی دەوروبەری بەڕێگای بازرگانی دەهێنا وەکو کانزای زێڕو زیو وبەردی گرانبەها، خوری ڕەنگکراو...هتد، ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ناوەخۆ وەلە هەمان کاتیشدا لە شوێنێک بە ڕێگای بازرگانی دەیهێنا، دەینارد بۆ شوێنێکی تر وەکو ترانزێت وابوە.

٤- بازرگانی بە هۆی ئەوەی کە ئاڵوگۆڕی کەلوپەلەکانەوە بوەتە هۆی کارلێکردنی کەلتوری و هونەری بەگشتی شارستانی...هتد.

٥- لە ناوەڕاستی هەزارەی دوەمی پێش زاینیدا گۆڕانی گەورەی ئابوری ڕویاندا، ئەمەش دوای ئەمە دێت کە دەوڵەتی میتانی دەرکەوت چەندین ناوەندی گرنگی ئابوری وەکو نوزی و ئالالاخ و کوروخانی گەشەیانسەند، لەگەڵ ئەوەشدا تۆماری زۆرییان بۆ بە جێهێشتوین کە ڕەنگدانەوەی ئەم گەشەسەندنەن، بۆیە ئەمەش دەریدەخات کە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەو ناوچانە و دەوروبەردا بەدی دەکرێت، بەڵام زۆر شوێنی تر هەن کە دەستی پشکنینیان پێنەگەیشتوە، ئەمە ڕەنگدانەوەی جموجۆڵی بازرگانی تێدا بەدی ناکرێت.

# The Trade in Ancient Kurdistan (in the secand half 2nd Mellenium B.C.)

**Sara Shorsh Omer[1] - Kameran Mohammed Jalal[2]**

[1+2]Department of History, College of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

The Assyrians were commercially proficient, and Kurdistan was an important place. Trade in the Kurdistan region was at its peak in the second millennium BC, and Mitanni and Khouri controlled power, politics, and religion. And there was a business plan; archaeological digs revealed the following facts: Kurdistan's cities were an important trade gate for merchants, and at the same time, in terms of geographical nature, the plains were rich with crops such as wheat, barley, and sesame, and the mountainous areas were important places for grazing animals such as sheep, goats, and cattle, etc., so tribes were going to the Garman and highlands to find pastures for their livestock.

However, they brought goods and raw materials abroad through trade, and the goods and supplies they had not touched had brought them abroad. These areas of Kawa trade with Kurdistan, such as southern Mesopotamia, Syria, Anatolia, Iran, Afghanistan, Egypt, and Phoenix, etc., have been disclosed to us according to the text of the business text. Kurdistan's trade routes were interconnected between east, west, north, and south, and Kurdistan was a trade strategy center. Part of the trade route settled between the mountain ranges as an important trade route, and another part of the trade route also settled between the mountain ranges as an important trade route. The trade routes have been connected between the plains and areas of the cities, or the trade routes of the mountainous areas and the plains are connected to each other, and the construction of foreign trade routes will thus make the business of this area stronger. What was the importance of Kurdistan in terms of trade? The places where Kawa has exchanged trade with Kurdistan

What was the importance of Kurdistan in terms of trade? Where were the places where they exchanged trade with Kurdistan? What were the goods and products exported and imported? The most important commodities were the minerals traded abroad and internally? What were those minerals? Kurdistan trades with the outside world because of the richness of its geography?

**Keywords:** Refers to A Merchant, Kurdistan, Gold, Precious Stones, And Outer Trade.

## سەرچاوەکان

ئەحمەد، کۆزاد. محمەد، (2008). کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. چ. دووەم سلێمانی : ژین.

باقر. تەها، (2018)، سەرەتایەک بۆ مێژوی شارستانیەتە دێرینەکان کورتەیەک لە مێژوی شارستانیەتی نێوان دو ڕوبار ، و: عوسمان عەزیز عەللاف، سلێمانی : جمیل ڕۆژبەیانی.

عبداللە، ڕێزان. قادر، (2019). بازرگانی کۆیلە لە زاگرۆس و پێدەشتەکانیدا لە بەر ڕۆشنایی دەقە مێخییەکاندا2350-612 پ.ز.. هەولێر، سێیەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی وشوێنەوارو کەلە پوری کوردستان.

-------------، (2021)، کاردۆخیا و کۆردوینێ لە سەرەتاوە هەتا سەدەی 5ی زاینی لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی- شارستانییە، سلێمانی: تاران.

گیریشمەن. ڕۆمەن، (2013)، مێژوی ئێران لە سەرەتاوە تا هاتنی ئیسلام ، و: سەلاحەدین ئاشتی ، سلێمانی : ژین.

مجید. کامەران جلال مجید، (2008)، مێژوی کۆنی کەرکوک لەبەر ڕۆشنایی دەقەکانی نوزی(توێژینەوەیەکی مێژویی سیاسی و ئابوریيە)، سلێمانی:چاپخانەی خانی.

القرأن الكريم، سورة الحديد.

الأحمد، سامي سعيد:(1991)،التجاره، الموسوعة الموصل الحضارية، ج1،موصل.

--------------:(1983)، المدخل الى تأريخ العالم ، العراق القديم، ج2، (من العصر الأكدى حتى نهايه السلالة بابل الأول) القسم الأول، بغداد.

---------------:(1977)، المستعمرة الاشورية في أسيا الصغرى ، سومر، مجلد33، بغداد.

اسماعيل، فاروق: (2010)، مراسلات العمارنة الدولية وثائق مسمارية من القرن 14 ق.م، سلسلة دراسات الأثرية، دمشق: دار النشر انانا.

الجادر، وليد: (1988)، صناعة المعادن، في: العراق في موكب الحضارة (التأثير و التأثر)، ج2، بغداد.

حبة ، فرج ، (1969)، الكيمياء وتكنولوجيتها في العراق القديم ، سومر ، مجلد 25.

حميد، انتصار احمد حسن، (2013). الأحجار الكريمة فى حضارة وادى الرافدين. دهوك: دارالمشرق الثقافية-البدرخانية.

الحمادي. صباح جاسم، (2016)، التجارة في بلاد الرافدين السمات العامة، جامعة بغداد/كلية التربية ابن الرشد للعلوم الانسانية، مجلد54، بغداد.

خليف، بشار:(2017)، حضارة مدينة ماري، ديمشق: مطبعة جامعة دمشق.

الدليمي، عبدالعزيز:(1998)، الزراعة في العراق القديم (منذ عصر فجر السلالات الى النهاية العصر البابلي القديم)، رسالة الدكتوراه (غيرالمنشورة)، جامعة بغداد.

درويش، نضال محمود الحاج. (2017). مملكة أوركيش الخورية (تل موزان)، دراسة التأريخية الأثرية، قاميشلي.

الدليمي، عبدالعزيز: (1998)، الزراعة في العراق القديم (منذ عصر فجر السلالات الى نهاية العصر البابلي القديم)، أطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، بغداد.

الرويح، صالح:(1976)، العبيد في العراق القديم، بغداد: مطبعة أوفسيت الميناء.

ساكز. هاري: (1979)، عظمة بابل (موجز حضارة بلاد وادي الرافدين القديمة)، تر: و ت: د. عامر سليمان، موصل: دار الكتب للطباعة و النشر.

طربية. غسان.( 1997). أوغاريت (رأس الشمراء). لازقية: دار المرساة للنشر.

عقراوى، ثلما ستيان، (1978) ، المرأه دورها و مكانتها فى حضاره وادى الرافدين، بغداد.

غنيمة، يوسف. رزق الله ، (1922). تجارة العراق قديما و حديثا.بغداد: بغداد.

كريمر، صموئيل نوح، (2012)، السومريون تاريخهم و حضارتهم و خصائصهم، تر:فيصل الوائلى، لبنان:دار المكتبة البصائر.

لويد، سيتون: (1988)، الفن الشرق الادنى القديم تر.محمد درويش، بغداد: دار الحرية للطباعة.

الماجدي. خزعل، (2021)،الحضارة الأشورية، ج1-2، بغداد:الرافدين(التكوين).

ماركريت. يون (1988)، دراسات أوغاريتية، تر: النورالدين خضور.

المنذري، منذر:(1999)، نصوص ادارية و قضائية من تل الفخار/ مدينة كوروخانني، رسالة ماجستير، كلية الأداب- جامعة بغداد، بغداد.

المعماري، رعد سالم:(2006)، الأحجار والمعادن في بلاد الرافدىن فى الضوء المصادر المسمارية، رسالة ماجستير جامعة موصل: موصل.

المتولي، نوالة احمد :(1994) مدخل في دراسة الحياة الاقتصادية لدولة أور الثالث، اطروحة دكتوراه، جامعة بغداد.

النجار، عبير، عدنان، يوسف،، (2011). أرابخا(كركوك حاليا)دراسة سياسية-حضارية3500-539ق.م. رسالة ماجستير، جامعةموصل: موصل.

ا لهاشمي ، رضا جواد ، 1985، التجارة موسوعة حضارةالعراق ، ج2 ، بغداد.

يانسكوفا، نينيل:(1976)، بعض القضايا الاقتصادية في الامبراطورية أشور، تر:سليم طه التكريتي في المجموعة من العلماء السوفيت، العراق القديم، بغداد: دار الحرية للطباعة.

يونس، أياد عبدالله: (2000)، الحياة الأقتصادية في أوغاريت القرنين الرابع عشر و الثالث عشر ق.م ، رسالة ماجستر مكتبة الجامعة الأردنية.

Al-Rawi، F N: (1977) Studies in the Commercial Life of an Administrative Area of Eastern Assyria in the 15Century BC. Cardiff: based on Published and Pablished Cuneiform text, Ph.D. Thesis(UnPublished), Unversity of Wales.

Buccellati. M :(2005), Urkesh and North Recent Discoveries, Documents from the Nuzi Temple,Studies on the civilization and culture of Nuzi and the Hurrians, General Studies and excavation at Nuzi in:SCCNH, vol15.

Cooper . J, Schwartz. G, & Westbrook. R: (2005) Amittani Era Tablet from Ummel –Marra, in : SCCNH vol.15.

Eidem, J. and LaessOe, (2001 ), The Shemshara Archives-2- the letters, Copenhagen.

-Georgina , H.(1980) ,"Lapis lazuli : The Eardy phases of its Trade" , Iraq.

Heltzer, M (1977), The Metal Trade of Ugarit and the Problm of Transportation of Commercial goods, in:Iraq vol.39, pa. 2.

Jawad, Abdul Jalil,1965, The Advent of Era of Townships in North Mesopotamia, Leiden.

Larsen, M.T.(1982),"Caravans and Trade in Ancient Mesopotamia and Asia Minor",(BSMS)VOL.4,Toronto,

Lanfranchi, G. B., and S. Parpola, (1990) The Correspondence of Sargon II, Part II: Letters from the Northern and Northeastern Provinces, SAA V = State Archives of Assyria V, Helsinki University Press.

Lion. D. &. G., 2008. Studies on the civilization and culture of nuzi and the hurrians vol.17. Maryland: CDL Press Bethesda.


Marf, D.A., 2016, Cultural Interaction between Assyria and theNorthern Zagros, PhD dissertation, Leiden University. (unpublished).

Silver, M.1995. Economic Structures of Antiquity. first ed. London: Greenwood Press.

Zaccagnini, C,1977, The Merchant at Nuzi , in: Iraq Vol.36, part2, London.

Schneider- Ludorff, Helga,2005, takulathu Lampen Stander, Kanderelaber , i Documents from the Nuzi Temple,Studies on the civilization and culture of Nuzi and the Hurrians, General Studies and excavation at Nuzi n:SCCNH vol.15.

پاشکۆ




نەخشەی(1)بەشێک لەڕێگا بازرگانییەکانی کوردستان لە هەزارەی دوەم وسێیەمی پ.ز بڕوانە: کوێخا جەلال2008: 204

**پەراوێزەکان**

1 نوزی دەکەوێتە دەشتە فراوانەکانی خۆرئاوای زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کە لە باشوری خۆرئاواوە بە زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین (ئیبیخ-Ebeh)، کۆتایی دێت و وەک سنورێکی سروشتی ناوچەکەیە، ئەم ناوچەیە پارێزگای کەرکوکی ئێستایە هەر لە چاخە کۆنەکان ئەم سنورە سروشتیە هەرێمی ئاراپخا بوە(کوێخا جەلال، 2008: 29)، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەندێک تابلۆ لێرە و لەوێ لەلایە ن چەند توێژەرێکی ئەوروپییەوە بڵاوکرایەوە(کوێخا جەلال، 2008: 23). ئاراپخا شاری کەرکوکی ئێستا دەگرێتەوە ئەم ناوچەیە لە چاخە کۆنەکان هەرێمی ئاراپخای تێدابوە(کوێخا جەلال، 2008: 29).

2 ئاراپخا شاری کەرکوکی ئێستا دەگرێتەوە ئەم ناوچەیە لە چاخە کۆنەکان هەرێمی ئاراپخای تێدابوە(کوێخا جەلال، 2008: 29).

3 ئورکیش دەکەوێتە ناوچەی تل موزان بە دوری 20کم لە ڕۆژئاوای شاری قامیشلۆ، ئەم ناوچەیە شوێنێکی ستراتیژی و دەوڵەمەندبوە، بەبەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە هەزارەی سێیەمی پ.،زییەوە، ژیانی تێدا هەبوە ، وەشوێنێکی ستراتیژی گرینگی هەیە(درویش، 2017: 14)،
4 دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای کوردستانی کۆن ئەمیش بە هەمان شێوە ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵکردن بوە (خليف، 2017: 152).

5 دەکەوێتە نزیک شاری ئالالاخ لە دەرەوەی سنوری باکوری ڕۆژئاوای کوردستان(خليف،2017: 152).

6 شقل بریتییە لە یەکەیەکی پێوانە و کێشانە لەکاتی کنە و پشکنینەکاندا زۆر جۆر لەم کێشانە و پێوانانە دۆزراوەتەوە، هەروەها ڕێژەی کێشەکەشی لەسەر نوسراوە، کە کێشی ئەم قورساییە چەند بوە، هەر مینێک بریتیە لە شەست شەقڵ، هەر شەقڵێکیش بریتی بوە لە 180 دانە(الحبة) بۆ زێڕ و زیو و گەنمیشبەکارهێنراوە(الحمادی، 2016: 197).
7 ئەم ناوچەیە دەکەوێتە سەر دەریای ناوەڕاست، لە ئێستادا بەشی باشوری ئەم وڵاتە بە (چوکوڕاوا/ چوکوڕاڤا)دەناسرێت، لە باکوری کەنداوی ئەسکەندرونە( کوێخا جەلال، 2008: 60).

8 نائیری یەکێکن لە کۆنترین هۆزە ئۆراتییەکان، لە بنەڕەتدا لەگەڵ خورییەکان لەیەک سەرچاوەوە پەیدابون، یەکێک بون لە لە کۆنترین گەلەکانی کوردستان ، نائیرییەکان بۆیەکەمجار ناوییان لە تۆمارەکانی پاشای ئاشوری ناوەڕاستدا هاتوە بۆ سەدەی 13پ.ز دەگەڕێتەوە، سەردەمی توکوڵتی نینورتای یەکەم 1243-1207پ.زبەیەکەم پاشای ئاشوری دادەنرێت کە وڵاتی نائیری داگیرکردوە، بۆ چونی جیاواز هەیە لەسەر شوێن و هەرێمی نائیرییەکان هەندێک پێیان وایە نائیری ئەم ناوچانە دەگرێتەوە کە پێی دەگوترا کاردۆخیا لەگەڵئەوەشدا بۆ چونی تر هەیە پێیان وایە نائیرییەکان دانیشتوانی ئەم ناوچانەن کە دەکەونە خۆرهەڵاتی کاردۆخیا یان ناوچەکانی خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ تا سەرچاوەکانی ڕوباری دیجلە دێن(غەفوری، 2021: 86-87).

9 ئیشنۆنا شانشینێک بوە لەسەر ڕوباری دیالە (الرويح، 1977: 44)، ئەم شانشینە لە دەرەوەی کوردستان بوە، وەکو بازاڕێکی گرنگ بوە بۆ بازرگانی لە نێوان بابل و کوردستان (عقراوی، 1978: 52).

10 گودیا پاشای بنەماڵەی لەگەش بوە، لە ساڵانی 2200-2100پ.ز حوکمی کردوە(کرمیر، 2012: 112).
11 شمشارە گردێکە بەرزاییەکەی نزیکەی 19م پانیەکەی 60م بەشی خوارەوەی گردەکە 13م بەرزە، دەکەوێتە ناوچەی ڕانیەی ئێستا، ئەم شوێنەوارە مێژوی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوەو لەکاتی کنە و پشکنینەکان دەرکەوتوە( باقر، 2018: 94).

12 ناوچەی تل المشرفة ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژی بوە، بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی میسر لە نیوەی دوەمی هەزارەی دوەمی پ.ز لە ژێر دەستی میتانیەکان دابوە(الفاخوری ،2014: 67-76).

13 کەپەدۆکیا دەکەوێتە ناوەڕاستی ئاسیای بچوک ئاشورییەکان لە هەزارەی دوەمی پ.ز بنکەی بازرگانیان تێدا دامەزراندبو، شوێنێکی گرنگ و ستراتیژی بوە(علی ، 1984: 11-12).
14 گاسور ئەم شوێنە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای شاری کەرکوکی ئێستا ئەم شوێنە لەلایەن شوێنەوارناسانەوە کنەو پشکنینی تێدا کراوە، مێژوی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەلەف(النجار، 2011: 15).